www.kurdistannet.org
20-2-2006 11:04 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## كەسايەتی پێغەمبەری ئیسلام ... نالی

سويسرا

كا تێك بمانەوێ لەگەورەيی و كەسا يەتی پێغەمبەر بگەين پێويستەبەخێرايی چا وێك بەژيا ننا مەيدا بخشێنين، ئەوەتا لەپێش بوونی بەپێغەمبەر لەنا و گەلەكەيدا بە(ئیادق و امين) ڕاستگۆو دەست پاك نا وبانگی دەركردووەو لەچەندين گرفت و كێشەی نێوانیاندا حەكەم و دەم ڕاست و خا وەن متمانەبووەو كێشەكانی چارەسەر كرد ووە.
لەدوا ی بوون بەپێغەمبەريش تا بلێی سەركردەو پێشەواو ڕابەرێكی ڕەوشت بەرزو دڵسۆزو بەوەفاو لێهاتو بووەو دەيان و سەدان نمونەو هەڵوێستی بەرزی بۆ ها وەڵانی و مرۆڤايەتی تۆمار كردووەو بەڕاستی قودوەو مامۆستايەكی بەرزو سومبولی ئاشتی وئازادی وجوامێری و دادپەروەری وخۆنەويستی بووە، ئەوەتا لەپێنا وی بيرو با وەڕو ڕێبازەكەيدا برسێتی وئاوارەی و دەربەدەری و هەڕەشەی تياچونی سەرو ماڵی گوێ پێنەداوەو كۆڵنەدەرانەو ماندونەناسانە 23ساڵی تەمەنی لەپێناوی ڕزگاركردنی مرۆڤايەتی لەبتپەرستی و خورافات و كۆيلەيی و ئارەزوو پەرستی و كورسی ودەسەڵات پەرستی هەوڵی داوەو تێكۆشاوە، تاكو مرۆڤايەتی لەژێر سێبەری عەدالەتی دينی خوادا لەدونيا و قيامەتدا بەختەوەرو سەربەرزبن، بۆ ساتێكيش هيچ پاداشت و سامانێكی دونياشی بەرەزامەندی خواو بەهەشت و قيامەت نەگۆڕيوەتەوە.
بۆيەزاناو بيريارو ڕۆشنبيران هەريەك بەشێوەيەك شايەدی گەورەيی وكەسايەتی بەرزی ئەو پێغەمبەرەئەدەن:

1- وول ديورانت لەكتێبی **(قصة الحضارة )** دا دەڵێت :ئەگەربڕيارى گەورەيى بەسەر كەسێكدا لەڕێی كارتێكردن و جێدەستی لەناو خەڵكدا بدەين ئەبێت دان بەوەدا بنێين كەمحمد لەگەورەترين گەورەپياوانی دونيايە.
2- وليم مور لەكتێبی (The life of muhammed) دا دەڵێت: تا ئێستەمێژوو چاكەخوازو موێليحێكی وەك محمدی بەخۆوەنەديوەكەتوانيبێتی خەڵكی بێدار بكاتەوەو ڕەوشتی جوان و بەرزی و پيرۆزی بۆ مرۆڤايەتی بگێڕێتەوە.
3- فەيلەسوفی ئينگليز بەرنادشۆ ئەڵێت: پێويستەبەمحمد بڵێين ڕزگاركەری مرۆڤايەتی.
4- مايكل هارت لەكتێبی **(مئة الاوائل)** دا محمد بەيەكەمناو دەهێنێت لەو سەد كەسەی باسيان دەكات و دەڵێت :تەنها كەسێك لەمێژوودا توانيبێتی سەركەوتن بەدەست بێنێت لەكاتێكی كەم و ئاستێكی بەرزدا محمدە.
5- گۆتەشاعيری بەناوبانگی ئەڵمان بەخۆشحاڵيەوەپێشوازی لەشەوی قەدر دەكات و دەڵێت: ئيسلام دينی تەسليم بونەبەپەروەردگار و هەمومان لەسەر ئيسلا مەتی ئەژين و ئەمرين.

گەورەوناودارانی دونيا هەر يەك لەبوارێكداو بەجۆرێك ناو بانگيان دەركرد وە، ئەفلاتون وئەرستۆ لەحيكمەت و فەلسەفەو غاندی لەسياسەت و شكسپير لەئەدەب و ڤۆڵتێر لەفيكرو ناپليۆن لەجەنگدا...

بەڵام محمد پێغەمبەر لەگشت بوارەکاندا نمونەی بەرزی مرۆڤایەتی بووە، بۆیەئیهانەو سوکایەتی کردن بەپێغەمبەر ئیهانەو سوکایەتی کردنەبەبەرزترین نمونەی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی بەگشتی وپێغەمبەران بەتا یبەت (لا نفرق بین احد من رسلە) چ جای بریندار کردنی هەستی زیاتر لەملیارێك موسڵمان.

ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین یەکێکەلەمافەبنەڕەتیەکانی مرۆڤ و نیشانەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراس وپێشکەوت ومۆدێرنە، بەڵام بەمەرجێك ئەو ئا زادیەمەسئولانەو لەخزمەت مرۆڤەکان و کۆمەڵگەدا بێت و شعورو هەست وبیرو باوەڕو موقەدەساتی کەسانی تر بریندار نەکات.

خوێنەری بەڕ ێز لەکۆتایدا حەز دەکەم چەند کۆپلەیەك لەهۆنراوەیەکی شا عیری گەورەی کورد نالی تان پێشکەش بکەم کەلەسەفەری حەج وچونەخزمەت ئەو پێغەمبەرەدا هەست وڕێزو خۆشەویستی چۆن بۆ دەردەبڕت و دەفەرموێ...

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەر قەتارت بم
کەدەمکێشێتەڕەوچەی حەی وەکو مەجنونی دێوانە...
بەقوربانی عولومی ئەووەلین و ئاخیرینت بم
لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلگافی ڕەحمانە
مورادم ژیللەت وپا ڕانەوەی حاڵە، نەوەك نەعتە
بەچەن بەیتێکی کوردانە، کەقورئانت پەنا خوانە
ئەگەر چی کوردی دوری شارەزوری قەسوەتم، ئەمما
وەسیلەم گەیبەوو حیلمی شەفیع وفەچلی مەننانە
بەسەر ها تومەئەو خاکەی کەهەر میقاڵەژەڕرێکی
بەمیزاجی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە
نەبو ڕوم بێمەخاکی چاکی پاکی گەیبە، تابیستم
بەسەگ نابێ مولەووەس ئاوی زەرقا، بەحری ئیحسانە.